







### پەنجا ساڵە قەزایە و دەیەوێت ببێتە ئیدارەی سەربەخۆ

# زاخۆ فراوانبوونێکی گەورە و زیادبوونێکی خێرای ژمارەی دانیشتوان











گرنگیی زاخۆ تەنیا لەوەدا نییە کە بەیەکێك لەقەرەباڵغترین قەزاکان دادەنرێت و ژمارەی دانیشتووانەکەی زیاتر لە ٢٧٠ هەزار کەسە و چەندین ئاینزاو نەتەوەی تێدا دەژی، بەڵکو بۆ ئەو گرنگییە جوگرافیایەش دەگەڕێتەوە کە کەوتۆتە سەر سنووری تورکیاو سوریا، هەر ئەمەش بوو وایکرد لەساڵی ١٩٦٤ زاخۆ ببێتە قەزا، ئەمڕۆ زاخۆ کە ناحیەکانی (رزگاری و دەرکارێ و باتیڤیا و ١٨٤ گوند) لەخۆدەگرێت گۆڕانکاریی باشی لەبواری بینایەو پاکوخاوێنی شارەکە ئاوەدانکردنەوەی ٧٠ گوند بەخۆوە بینیوە، ئەو گوندانەی ئاوەدان نەکراونەتەوە بۆ بارودۆخی سەرسنوورەکان و بوونی مین و راهاتنی گوند نشینەکان لەسەر ژیانی خۆشگوزەرانی شار، جێی دڵخۆشیش بوو کاتێك بینیمان لەسەر ڕێگای گەلی زاخۆ پرۆژەی دروستکردنی دوو تونێل لەگەلی زاخۆ بە جووت سایدی جێبەجێ دەکرێت، لەگەڵ نۆژەنکردنەوەی پردی دەلال و قیرتاوکردنی شەقامەکان و دروستکردنی پارك، جوانترو قەشەنگتر دەبێت. لەگەڵ ئەم گرنگیدانەو جێبەجێکردنی پرۆژانەشدا هاووڵاتیانی زاخۆ داواکاریی جۆراوجۆریان سەبارەت بەجێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنجان و چاککردنی ڕێگای گوندەکان و پاراستنی ئاوی خابوور لەپیسبوونی ئاوەڕۆکان هەبوو. لەلایەکی ترەوە بەهۆی خراپبوونی بارودۆخی سوریا ژمارەیەکی زۆری خێزانی کوردانی رۆژئاوا روویان لەقەزاکە کردووە، هەروەها پێشتر ١٥ هەزار ئاوارەی دیکە کە زۆرەبەیان برا کریستیانەکانن و لەبەر ناسەقامگیری ناوچەکانی دیکەی عیراق بەگشتی و پاریزگای نەینەوا لە تایبەتی روویان لەزاخۆ کردووە. بۆیە هاووڵاتیان جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە، زاخۆ فراوان و گەورە بووە و کاتی ئەوەیە فەرمانی ئیداری سەربەخۆ بۆ شارەکەیان جێبەجێ بکرێت.

تیمی گۆڤاری گوڵان سەردانی قەزای زاخۆی کرد بۆ ئەوەی لەنزیکەوە ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بزانین، هاووڵاتیان پێیان وابوو زۆربوونی خێرای ژمارەی دانیشتووان و فراوانبوونی شارەکە واقیعێکی وای دروستکردووە کە قەزاکەیان پێویستی بەبودجەو خزمەتگوزاریی زیاتر هەیە، ئەم داواکاری و خواستەی هاووڵاتیانمان لەگەل قائیمقامی قەزای زاخۆ باسکرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.





**بە تەواوبوونی پرۆژەی جووت سایدی ٢ تونێل زاخۆ-سێمێل؛ زاخۆ دەبێتە خاوەنی ڕێگایەکی باش و هاوچەرخ و مەترسییەکانی ڕێگای گەلی زاخۆ کەم دەبێتەوە**

**زاخۆ بنەماکانی ئیدارەی سەربەخۆی تێدایەو ماستەرپلانیشی تەواو بووەو تاکو ساڵی ٢٠٣٥ دەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت**

**فراوانبوونی خێرای ڕێژەی دانیشتوان لەزاخۆ و هاتنی بەلێشاوی کوردانی سوریا بارگرانیەکی زۆری لەسەر کوالێتی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان دروستکردووە**

## بڕیاردراوە ٤٢ فەرمانگەی شارەکە بکرێنە بەڕێوەبەرایەتی

سەبارەت بە ئیدارەی سەربەخۆ کە گرنگترین داواکارییەکانی هاووڵاتیانی زاخۆی بوو، خەلیل مەحمود قایمقامی زاخۆ سەبارەت بەم پرسە ئاماژەی بەوەکرد حکومەتی هەرێم ساڵانە کارو پرۆژەی باشی لەم دەڤەرە ئەنجامداوە، بەڵام فراوانبوونی خێرای ڕێژەی دانیشتوان و هاتنی بەلێشاوی برا کوردەکانی ڕۆژئاوا لە سوریاوە و هەروەها هاتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارەی دیکە بەهۆی نائارامی بارودۆخی موسڵ و شارەکانی دیکەی عێراقەوە، بارگرانیەکی زۆری لەسەر شارەکە دروستکردووە. هەربۆیە هەستکردن بەم واقیعەی زاخۆ و بڕیاردانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی زاخۆ بکرێتە ئیدارەی سەربەخۆ، ئەم بڕیارەی سەرۆکی حکومەت لە، ٢٠١٢/٩/٢٥ دا بوو کاتێك بەڕێزیان سەردانی زاخۆی کردوو بڕی ٢٠٠ ملیۆن دۆلاری بۆ شارەکە تەرخانکردوو هاووڵاتیانیش ئەم داوایەیان لەبەڕێزیان دووپات کردەوە، لەم ڕووەوەش چەندین دانیشتن و گفتوگۆ ئەنجامدراوە و ئێستا ٤٢ فەرمانگەی جۆراوجۆرمان بۆ ئیدارەی شارەکە هەیە کە لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە بڕیاردراوە بکرێنە بەڕێوەبەرایەتی و پارێزگای دهۆکیش زۆر هاوکاریی کردوین، من پێم وایە زاخۆ نەك تەنیا بنەماکانی بوون بەئیدارەی سەربەخۆی تێدایە بەڵکو بنەماکانی پارێزگاشی تێدایە، فراوانبوونی قەزاکەو زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و مێژوو کلتوورو جوگرافیای شارەکەو تەواوبوونی ماستەرپلانی شارەکەو جۆراوجۆریی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی هەمووی بنەماو دەستکەوتی گرنگن .

## ٢ ملیار دینارمان
## بۆ دروستکردنی کۆڕنیش تەرخانکردووە

سەبارەت بەخزمەتگوزارییەکان و داواکاریی هاووڵاتیانیش قایمقامی زاخۆ وتی: گەرچی بەپێی توانا لەساڵانی ڕابردوو بودجەو پرۆژە بۆ زاخۆ تەرخانکراوە، بەڵام کارو پرۆژەی زیاتریشمان دەوێت و پێویستی بەکاری جدی و پلان هەیە، چونکە ئاستی بژێوی ژیان باشتر بووەو قەزاکەشمان فراوانتر بووە و گەورەبوونەکەش بەهەر چوار لاوەیە، هەروەها ژمارەیەکی زۆری خانووش هەیە کە پێشتر بەزێدەڕۆیی دروستکراون ئێستا سەرقاڵی تاپۆکردنیانین، ڕێژەی جێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بۆ ٩٠٪ بەرز بووەتەوە، لەم ڕووەوە لەساڵی ڕابردوو ١٥٠ پرۆژەی خزمەتگوزاریی لەسێکتەرە جیاجیاکان خراونەتە بواری جێبەجێکردنەوە و لەسەرجەم بوارە خزمەتگوزارییەکان زۆر بەرەو پێشەوە چووین بۆ نموونە زاخۆ لەبواری ئاوی خواردنەوەو قیرتاوکردنی کۆڵان و شەقامەکان گۆڕانکاریی باشی بەسەردا هاتووە، تەنانەت پارکێکی گەورەمان هەیەو ئەمساڵ فراوانی دەکەین، لەڕووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و کارەبا بۆ گوندەکان چەندین پرۆژە ئەنجامدراوە و ٢ ملیار دیناریشمان بۆ دروستکردنی کۆڕنیش (دروستکردنی ناوچەی گەشتیاری لە قەراخی ئاوی زاخۆ ) تەرخانکردووە، لەمساڵیشدا ٦٠ پرۆژە بەبودجەی ٤٤ ملیار دینار پاش پەسەندکردنی بودجە دەخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە. هەروەها بۆ کەمکردنەوەی کارەساتی هاتوچۆو باشکردنی ژێرخانی ڕێگاوبانەکانمان ئێستا پرۆژەیەکی دروستکردنی دوو تونێل دروست دەکرێت، بەتەواوبوونی ئەم تونێل و ڕێگا جووت سایتە گرفتی هاتوچۆو کەوتنەوەی ڕووداوەکان زۆر کەم دەبێت بەتایبەتی لە گەلی زاخۆ. هەروەها ئەم ڕێگایە بۆ هاتوچۆو بوژانەوەی کەرتی بازرگانی لەنێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی تورکیاو جیهانی پێشکەوتوو زۆر گرنگە بەرادەیەك لەدوارۆژدا ڕۆڵی دەبێت لەجێبەجێکردنی ناوچەی بازرگانی ئازاد کە ئێستا بەردی بناغەی بۆ دانراوە.

## لە ٩٠٪ی تۆڕی نێوخۆی ئاوی خواردنەوە چارەسەر کراوە

گەیاندنی ئاوی خواردنەوە بۆ گەڕەکە نوێیەکان و گوندەکان بەیەکێك لەو داواکارییانە دادەنرێت کە هاووڵاتییان زۆر جەختیان لەسەر کردەوە، پێشتر پرۆژەیەکی ستراتیژیی ئاوی خواردنەوە لە زاخۆ جێبەجێکرا، بەڵام پێویستی بەتۆڕی ناوخۆی ئاوی خواردنەوە هەیە، لەم ڕووەوە قایمقامی زاخۆ وتی: پێشتر کێشەی ئەوەمان هەبوو کە تۆڕی دابەشکردنی ئاو کۆن بوون، بەلام هەولدراوە ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت و تۆڕەکانی بۆری ئاوی خواردنەوە نۆژەن بکرێنەوە، ئەمەش بەڕیژەی لە ٩٠٪ تەواو بووە، ئێستا لەهەوڵی ئەوەداین ئەو گەڕەك و شوێنانەی تۆڕەکانیان کۆنن لە ڕێگای چەند پرۆژەیەکەوە چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزینەوە، تەنیا هەندێك گوندو کۆمەڵگاو ناحیە دەمێنێت کە لەو شوێنانە کەموکوڕی و گرفت لە ئاوی خواردنەوە هەیە ئەمەش لە ڕێگای سوود وەرگرتن لەئاوی خابوور چارەسەر دەکرێت . لەلایەکی ترەوە دوای دەست بەکاربوونی کارگەی ریسایکلینی کاشێ، پلان و بەرنامەمان هەیە سەرجەم زبڵ و خاشاکەکانی ناوچەکە کەپس بکرێن و بۆ ئەو کارگەیە بگوازرێتەوە، ئێمە شانازیی بەپاکوخاوێنی قەزاکەمانەوە دەکەین و لەمەشدا هاووڵاتیان هاوکارمانن و پاکوخاوێنی و پاراستنی ژینگە بووەتە کلتوور لەناوچەکەماندا.

## تەندروستی و پەروەردە قورساییەکی
## زۆریان دەکەوێتە سەر شان

زیادبوونی خێرای ژمارەی دانیشتوانی زاخۆ، بەپلەی یەکەم بە هۆکاری هاتنی ئاوارەیە لە دوولاوە بۆ ئەم شارە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی لەم شارە هەم ئارامی سەقامگیری دابین کراوە،هەم خەڵکی زاخۆ لیبوردەو میوان دۆستن، بەلام هەندیك بواری خزمەتگوزاریش هەیە کە لەتوانای خەڵکە زیاترە و پێویستە حکومەت ئاوری زیاتری لێبداتەوە، بە تایبەتیش هەردوو کەرتی پەروەردەو تەندروستی سەبارەت بەم لایەنە قائیمقامی زاخۆ ئاماژەی بەوەکرد، ئەم لایەنە بایەخێکی گرنگی پێدراوە و ئێستا لە قۆناخی بونیادنانی ژێرخانێکی پتەوین بۆ ئەم دوو کەرتە، لەبەر ئەوەی ئێستا لە زاخۆ ١٨ بنکەی تەندروستی و ٣ نەخۆشخانەی هاوچەرخ، هەروەها ئێستاش ٢نەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵان و فریاکەوتن لە جێبەجێ کردندان، بۆیە گرفت و کێشەمان لەسەر کەمی پزیشکی پسپۆرو کارمەندی تەندروستی هەیە، بڕیاریشە وەزارەتی تەندروستی ئەم کێشەمان بۆ چارەسەر بکات و ژمارەیەك لە پزیشکی پسپۆر لەدەرەوەی وڵات بهێنن و لەناوخۆی هەرێمیشدا ژمارەیەك لە پزیشك و ستافی تەندروستیمان بۆ دامەزرێت. لە ڕووی پەروەردەشەوە کە لەسنوورەکەمان زیاتر لە ٨٥ هەزار قوتابی و ١٨٦ بینایەی

قوتابخانە هەیە تەنانەت لەسەرجەم گوندەکان ئەگەر بچووکیش بێت قوتابخانەیان هەیە، هەربۆیە کێشـــەمان لەکەرتی پەروەردە نییـــە تەنیا گرفتی بینایەی قوتابخانەو کەمیی مامۆســـتاو ستافی پەروەردەیی هەیە، ئێستا چوار دەوامی قوتابخانەکان نەماوە بەڵام ســـێ دەوامی و دوو دەوامی هەر دەمێنێت تا ئەو قوتابخانە ١٨ پۆلی و ٢٧ پۆلیانە تەواو دەبێت، لەدوا سەردانی رێزدار نێچیرڤان بارزانی ســـەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ زاخۆ بڕیاریدا ٤ بینایەی قوتابخانەی ١٨ پۆلی لەسەنتەری قەزاو ناحیەی باتیڤان و دارکێ دروست بکرێت.

**بەپێی پێویست و جیدی لە بواری کشتوکاڵی کار و پڕۆژە بۆ سنوورەکە نەکراوە**

ســـەبارەت بە وەزارەتـــی کشـــتوکاڵ و کارو پڕۆژەکانی لە سنوورەکەدا قایمقامی زاخۆ وتی: خەڵکی ئەو سنوورە بۆ ژیان و داهاتیان بەتایبەتی پێشـــتر پشـــتیان بە کاری کشتوکاڵی و چاندن و باخداریی بەســـتووە، ئێستا خەڵکێکی زۆر بەتایبەتی لە گوندەکاندا کاری کشـــتوکاڵی دەکەن، وەزارەتی کشتوکاڵ و ســـەرچاوەکانی ئاو لە ساڵانی رابردوو و ئێستاکەش پەینی کیمیاویی گەنم و ئامێر و پێداویســـتی دیکەی بە جووتیارانی سنوورەکە داوە و ساڵانە بەنرخێکی زۆر باش گەنم و دانەوێڵەی لە جووتیاران وەرگرتۆتەوە و بـــۆ هەموو گوندەکانی ئاوەدانن جۆگەلـــەی ئاودێریی دروســـتکردووە، هەر بۆیـــە لە کاتی وشکەساڵیشـــدا جووتیاران دەســـتەو ئەژنۆ دانانیشن و کاری چاندنی خۆیان دەکەن، حکومەت کۆگایەکی ســـاردکەرەوەی لە ســـنووری باتیڤا بۆ هەڵگرتنی میوەو ســـەوزە دروســـت کـــردووە، لەلایەکی دیکەوە هەرچەندە ســـایلۆیەکمان هەیە و بڕیاردراوە سایلۆیەکی دیکەشمان بۆ دروست بکەن، هەروەها لە ســـنووری سندیا لە ناوچەی بەرزیری دیزاینی بەنداوێك کراوە و زۆری نەمـــاوە بچێتە قۆناغـــی جێبەجێکردن و لە دەڤەری گولی بەنداوێك لە قۆناغی کۆتاییدایە کە ســـوودێکی زۆری بۆ ســـنوورەکە هەیە و پێشـــنیارێکیش بۆ بەنداوێکی گەورە لەســـەر ئاوی خابوور لەنزیك زاخۆ هەیە کە بۆ ئەو بەنداوەش رەزامەندی دیزاینەکـــە وەرگیراوە و بڕی یەك ملیار دیناریش بۆ دیزاینەکە تەرخانکراوە کە ئەم بەنداوە بۆ هەموو ســـنووری قەزای زاخۆ یەکجار بەسوودە، سەرەڕای هەموو ئەمانە هێشتا لە چاو بەپیـــت و بەرەکەتی و بەرفراوانی زەوی ســـنوورەکە بەپێی پێویست و جیدی لە بواری کشتوکاڵی کار و پڕۆژە بۆ سنوورەکە نەکراوە.

**یاریگای وەرزشی زاخۆ کە ٢٠ هەزار کەس لەخۆدەگرێت لە٧٥٪ کارەکانی تەواو بووە**

لەرووی وەرزشـــییەوە کە لەم چەند ســـاڵەی دوایی دا زاخۆ ناوبانگێکی باشـــی بەدەســـتهێناوە قایمقامـــی زاخۆ وتی: یاریگای وەرزشـــی زاخۆ کە ٢٠ هەزار کەس لەخۆدەگرێت و لە٧٥٪ کارەکانی تەواو بووە و بڕیاریشـــە یاریگاکە بەرفراوان بکرێت و شەقامەکانی دەوروبەریشی بۆ دروست بکرێت، ئەمەو لەهەموو ناحیەو کۆمەڵگای ناوچەکە یاریگای فریزی بچوك دروســـت کراوە. زاخۆ لەبواری وەرزش زۆر بەرەو پێشەوە چووە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق ناوبانگی باشی بەدەستهێناوە، هەربۆیە داواکارم زیاتر گرنگی پێ بدرێت.



خەلیل مەحمود قایمقامی زاخۆ بۆ (گوڵان):

# پاش پەسەندکردنی بودجە ٦٠ پرۆژە بەتێچوونی ٤٤ ملیار دینار بۆ زاخۆ دەخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە

**دوای دەست بەکاربوونی کارگەی ریسایکلینی کاشێ پلان و بەرنامەمان هەیە سەرجەم زبڵ و خاشاکەکانی ناوچەکە کەپس بکرێن و بۆ ئەو کارگەیە بگوازرێتەوە**

**٢ ملیار دینار بۆ دروستکردنی کۆرنیش تەرخانکراوەو چەندین پارک و هەڵمەتی رواندنی درەخت بەرێوە چووە**

**لە سنووری سندیا لە ناوچەی بەرزیری دیزاینی بەنداوێک کراوە و زۆری نەماوە بچێتە قۆناغی جێبەجێکردن و لە دەڤەری گولی بەنداوێکی دیکە لە قۆناغی کۆتاییدایە پێشنیارێکیش بۆ بەنداوێکی گەورە لەسەر ئاوی خابوور لەنزیک زاخۆ هەیە**